قیامەت ڕووندادات هەتاوەکو خۆر لە ڕۆژئاواوە دەردەکەوێت، ئەگەر هەڵبێت خەڵکی دەیبینن هەموویان ئیمان دەهێنن

لە ئەبی هوڕەیرەوە-ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «قیامەت ڕووندادات هەتاوەکو خۆر لە ڕۆژئاواوە دەردەکەوێت، ئەگەر هەڵبێت خەڵکی دەیبینن هەموویان ئیمان دەهێنن، ئەوە کاتێک دەبێت کە: {لاَ يَنْفَعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِنْ قَبْلُ، أَوْ كَسَبَتْ فِي إِيمَانِهَا خَيْرًا} [الأنعام: 158] واتە: {باوەڕهێنان سوود ناگەیەنێت بەهیچ کەس کە پێشتر بڕوای نەهێنا بێت یان هیچ خێروچاکەیەکی نەکردبێت لەگەڵ ئیمانەکەیدا}، وقیامەت ڕووەدات بەشێوەیەک کە دوو پیاو پۆشاکێکیان ڕاخستووە لەنێوانیان ناتوانن مامەڵەکە تەواو بکەن، وناتوانن بیپێچنەوە، وقیامەت ڕووەدات لە کاتێکدا پیاوێک شیری وشترەکەی هەڵگرتووە، ناتوانێت بیخواتەوە، وقیامەت ڕووەدات وکەسێک عەماراوەکەی چاکدەکات -ئامادەی دەکات- بەڵام - مەڕومااڵتەکەی- ناتوانن لێی بخۆنەوە، وقیامەت ڕووەدات وپەکێکتان پاروەکەی بەرزکردووەتەوە بەرەو دەمی بەڵام ناتوانێت بیخوات».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات لەنیشانە گەورەکانی قیامەت ئەوەیە خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵدێت لەجیاتی ڕۆژهەڵات، کاتێک خەڵکی ئەمە دەبینن هەموویان باوەڕ دەهێنن، بۆیە لەم کاتەدا باوەڕهێنانی کافر سوودی پێناگەیەنێت، وهەروەها کردەوەی چاک وتەوبە کردنیش سوودی نیە. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە قیامەت لەناکاو دێت؛ تەنانەت کاتێک ڕووەدات خەڵکی سەرقاڵی حاڵ وکاروبارەکانی ژیانی خۆیانن؛ قیامەت هەڵدەستێت فرۆشیار وکڕیار جلەکەیان ڕاخستووە لەنێوانیان نەدەیفرۆشێت ونە دەیپێچنەوە، وقیامەت هەڵدەستێت وپیاوێک شیری وشترەکەی دۆشیوە بەڵام فریا ناکەوێت بیخواتەوە ، وقیامەت هەڵدەستێت وپیاوێک خەریکی چاککردنی شوێنی ئاوخواردنی ئاژەڵەکانێتی وقوڕی لێدەدات بەڵام هیچ ئاژەڵێک لێی ناخواتەوە، وقیامەت هەڵدەستێت وپیاوێک پاروەکەی بەرزکردوەتەوە بۆ دەمی بۆئەوەی بیخوات بەڵام ناتوانێت بیخوات وقیامەت هەڵدەستێت

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65026